کاروان کەریخان

ناواسریدا، نوسارد، نوسارجی

سلاو لە ئاهورامەزدا، سلاو لە دیاکۆی مەزن، گەش بێت ئاگری سوری نەورۆز
بەهاری نوێ یان ئەکیونوس و سالی نوێی کوردی و رۆژی نوێی کوردستان لە هەموو ئاریا نەژادەکان پیرۆز بێت.
نەورۆز وەک هێمایەکی نەژادی سیاسی نەتەوەگەلی ئاریاکان سەدان ساڵە دوای ئەو هەموو نەهاتی و ئایین گۆڕین و داگیرکاریانە هەر وەک نەریتێک ماوەتەوە و ئەم مانەوە نیشانەی ئەوەیە ئەم نەتەوەیە مەیلی ئەخلاقی بەرزی زەردەشتی لە دەروونداً ماوە.
دوای هاتنی ئیسلام و تەنانەت لە دەورەی ئەمەوی و عەباسی و فاتمیەکانیشدا هەوڵی کاڵکردنەوەی نەورۆز درا، بەڵام ئەم جەژنە هەر بە بەرزی مایەوە و بگرە ئێستا ئەم جەژنە بە جیهانیش بووە و لە ٢٤/٢/٢٠١٠ نەتەوە یەکگرتووەکان جەژنی نەورۆزیان وەک جەژنی فەرهەنگی ئاشتی جیهانی ناسی هەروەها لە ساڵی ١٣٨٩ ی هەتاوی جەژنی جیهانی نەورۆز لە تاران گرێ درا.
ئەوەی کە پێویستە لە کاتی ئێستا کە کورد لە بەشێکی کوردستان دا بە شێوەیەکی یاسایی دەسەڵاتی هەیە دەبێ نەورۆز بکاتە قۆناغی ستراتیجی سیاسی خۆی لە ناوچەدا و میتۆوی شێواوی دوژمن نوسی خۆی بگێڕێتەوە بۆ ئەسڵی هیگمەتانە و ماد و دیاکۆی نازادیخواز. پێویستە لە قۆناغی یەکەم فیستیڤاڵی نەورۆز بە هەماهەنگی نەتەوە خاوەن نەورۆزەکانی ناوچە گرێ بدات و کۆنگرەی ساڵانەی میللەتانی خاوەن نەورۆز ساز بکرێت و کونسوڵی ئەفغانستان و تاجیکستان و هەموو ئەو وڵاتانەی نەورۆزیان تێدا بەرز رادەگیرێت بێنە کوردستان و هاتوچۆی فەرهەنگیان لەگەڵدا پتەو بکرێت، ئەمەش بێ گومان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئیعتیباری سیاسی کوردستان و دەنگی یەکگرتنی فەرهەنگی ناوچەی ئاریاکانی لێوە دێت کە بۆ ئەمڕۆی کوردستان زۆر لازم و گرینگە.
هەروەها پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد لە هەوڵدا بێت بۆ ئەوەی کە کوردیش وەک خاوەنی نەورۆز لە یونسکۆ بە فەرمی بناسرێت.
هەروەها پێویستە کۆنفرانسی زانستی نەورۆزی هەمەرەهەندی ساز بکرێت و فەرهەنگی نەورۆز زۆرتر روون بێتەوە. بۆ نمونە خەڵکی بزانن نەورۆز و سەری ساڵی نوێی کوردی لە حاڵەتی کەبیسی دا چۆن بەرانبەری 21ی ئادار دەبێت و بۆچی هەندێ جار بەرانبەری 20مارسی زایینیە و کەم جاریش هەیە کە بەرانبەری 22ئادار بێت. هەروەها وشەکانی ناواسریدا، نوسارد و نوسارجی بۆ خەڵک روونتر بکرێتەوە. هەروەها پەیوەندی نەورۆز بە بابلیەکان یان ئەکەد یان ماد و هەخامەنیشیان و ئاشور و شارستانیەتی ئیلام روون بکرێتەوە. هەروەها سونبولەکانی شێر و گا و ماناکانی روون بکرێنەوە و بینە تەندیسی شارەکانمان.
بەو هیوایەی هێماکانی نەورۆز وەک کاری هونەری لە کوردستان دا تۆختر بکرێن.
بۆی ئەهرێمەنانی کوردستان

نییەتی پەکەکە لە شەڕفرۆشتن بە باشووری کوردستان

ئەحمەد جەردیس

پەکەکە بۆ ئەجێندای سیاسی خۆی ئامادەیە هەموو شتێک بکات تەنانەت ئەگەر زیانی بۆسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەبێت، ئاشکرایە کە هەر هێزێکی سیاسی فراوانکردنی پێگەی خۆی بەڕوا دەزانێت و ئەمەش لەسیاسەتدا کێشە نییە، بەڵام لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا بێت بەپێی یاسا، تا ئێرە کێشە نییە، کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە پەکەکە تەنیا لە سنووری باکوور کار ناکات و هەموو هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان، گۆڕەپانی باکووری کوردستان بە مەیدانی پەکەکە دەزانن، بەپێچەوانەوە پەکەکە وای نابینێت، ئەمە هەڵەیەکی ستراتیژییە کە پەکەکە تەواوی خاکی هەر چوار پارچەی کوردستان بە مەیدانی کاری سیاسی و چەکداری خۆی بزانێت، کەواتە سنووری کارکردنی پەکەکە بە تێڕوانینی خۆی دیارە و بەمەش گوێ بە یاسا و دەستوەردان لە پارچەکانی تر نادات، ئەوەی ئێمە باسی دەکەین و بە سنووری هەرێمی کوردستانی دەزانین، ئەوان بە گاڵتەجاری دەزانن، ئەمەش هەرێمی کوردستان قبووڵی ناکات، بۆ ئەم مەبەستە پەکەکە لە تەواوی پارچەکانی کوردستان حزب و لقی دروستکردووە و هەموویان سیاسەتی پەکەکە وەکو خۆی جێبەجێدەکەن، واتا لەگەڵ لقە سەرەکییەکە کە خودی پەکەکەیە هیچ جیاوازییەکیان نییە، هەموویان کار بۆ سیاسەتە سەرەکییەکەی پەکەکە دەکەن و بەپێی توانا و هەبوونی دەرفەت لە بەردەمیاندا هەوڵی فراوانکردن و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان دەدەن، نمونەش بۆ ئەمە بینیمان دوای رزگارکردنی رۆژئاوای کوردستان لقەکانی پەکەکە دەستیانبەسەر تەواوی ئەم بەشەی کوردستاندا گرت. سەبارەت بە بەشەکانی تری کوردستانیش لە هەوڵەکانییدا بەردەوامە بۆ ئەوەی بشتوانێت دەستبەسەر هەموو بەشەکانی تری کوردستاندا بگرێت، ئامادەیە هەموو کارێک بکات و لەگەڵ هەموو کەسێکدا رێکبکەون و تەنها لە دەرفەتێک دەگەڕێت بۆ ئەوەی مەیدان دابکوتێت و پێگەی خۆی بکاتە ئەمری واقیع، ئەگەر ئەمڕۆ لە باکووری کوردستان ناتوانێت یان توانای رووبەڕووبونەوەی تورکیای نییە، ئەوا پێویایە لە باشووری کوردستان ئەتوانێت و بەتایبەتیش کە چەند شۆێنێکی دەستبەسەردا گرتووە و دەیەوێت وەکو رۆژئاوا سیستەمی خۆسەری تیادا بچەسپێنێت، واتە بارودۆخی باشوور بەگونجاو دەزانێت و پێشیوایە دەتوانێت رووبەڕووی حکوومەتی هەرێم ببێتەوە، چونکە وا دەزانێت تەنها پارتی رێگرە و بۆ ئەمکارەشی ئاسانە شەڕی پارتی بکات، واتە بە بیانووی شەڕی پارتی دەڵێت شەڕی هەرێم ناکەم، بەڵام دواتر ئەگەر بتوانێت بەسەر پارتیدا زاڵ بێت کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت، ئەوا شتێک ناهێڵێت بە ناوی حکوومەتی هەرێم، رێک هەرشۆێنێک بیگرێت ئەیکات بە کانتۆن.
ئێستا با بێینە سەر کێشە سەرەکییەکە کە باشووری کوردستان و بەتایبەتیش شنگال و ئەو ناوچانەی پەکەکە دەستیبەسەردا گرتوون، هاتنە دەنگی پارتی و بێهەڵوێستی لایەنەکانی تر، لەمبارەیەوە تاکو ئەم ساتەوەختەش بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی باشوور پارتی بە جوڵاندنی هێز تاوانبار دەکەن و ئەم هەڵوێستەشیان بووەتە پشتیوانییەکی بەهێزی پەکەکە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە پەکەکە لە جیاتی چۆڵکردنی ناوچەکە بۆ مانەوەی بیر لە شەڕ و رووبەڕووبونەوە بکاتەوە. ئەوەی سەیرە هەڵوێستی نادیاری هێزەکانی باشوورە بەرامبەر بە پەکەکە تاکو ئێستا ئامادەنین بە راشکاوی بە پەکەکە بڵێن ئێرە شوێنی تۆ نییە و ئەرکە مروڤایەتی و نیشتیمانییەکەت کۆتایی هاتووە و بفەرمو بۆ شوێنی پێشووترتان بگەڕێنەوە، ئەوانە یان پەکەکەیان نەناسیوە یان بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان لە بەرامبەر پارتیدا ئەم کارە دەکەن یان وایان داناوە کە پەکەکە دەتوانێت شوێنی پارتی بگرێتەوە و خۆیان بۆ پاشکۆیەتی پەکەکە ئامادە دەکەن، بەڵام تۆ بڵێی ئەم خەیاڵە بکەن لە کاتێکدا پەکەکە نە دەتوانێ بەسەر پارتیدا زاڵ بێت نە بە پاشکۆیەتی ئەوانیش رازی دەبێت.
هێزە هاوهەڵوێستەکانی پەکەکە دەبێت باش بزانن ئەو شەڕەی پەکەکە بە پارتی دەفرۆشێت ئەوانی لێدەناچێت، نمونەش بۆ ئەمە سەیری رۆژئاوای کوردستان بکەن کە دەسەڵاتی پەکەکەی تێدا زاڵە، بۆتان ئاشکرا دەبێت کە ئایا پەکەکە لەگەڵ ئەو هێزانەی وەکو خۆی بیرناکەنەوە چۆن رەفتار دەکات، لە کۆی 16 پارتی کوردی لە رۆژئاوا 8یان پەکەکەن، ئەوانی دیکە کە وەکو پەکەکە بیر ناکەنەوە دەبینین کە چۆن سووکایەتیان پێدەکرێت.
پەکەکە بە هیچ شێوەیەک پارت و لایەنێک قبووڵ ناکات کە وەک خۆی بیر نەکاتەوە، هەموویان دەبێت بچنە ژێر یەکێک لە ئاڵاکانی پەکەکە و جگە لە ئۆجەلان هیچ کەسێک بە سەرۆکی خۆیان نازانن و هەر سیستەمێکی پەکەکەش داوای بکات دەبێت هەر ئەمیان بێت، واتە کە بڕیاری خۆسەری و کانتۆنیدا بە هیچ شێوەیەک گەڕانەوە نییە، ئەوانەی ناڕازی بن بەتوندترین شێوە سەرکوتیان دەکات، تەنانەت لقەکانیشی بۆیان نییە لە سیاسەتی پەکەکە لابدەن بۆ نمونە کاتێ هەدەپە بڕیاریدا جیاواز لە پەکەکە بە شێوازی ئاشتیانە سیاسەت بکات، بینیمان چۆن لە لایەن پەکەکەوە لە قاڵبدرا و دووچاری سزادانی سیاسی و یاسایی بوونەوە.

ڕوونکردنەوەی حزب و لایەنە تورکمانییەکان سەبارەت بە ئاڵای کوردستان

بەرژەوەندی تورکمان لە پێکەوەژیان و پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی دایە

دەربارەی ئەو لێدوانانەی هەندێک لایەنی تورکمانی سەبارەت بە ئاڵای کوردستان لە شاری کەرکووک بڵاویان کردۆتەوە:

ئێمەی حزبە تورکمانییەکانی کوردستان ڕادەگەیەنین کە پێکهاتەی تورکمان هەر وەک لە میتۆووەکی دێرینەوە بەشێک بووە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و عێراق و هەردەم ڕێزی لە پیرۆزییەکانی ئەم نیشتمانە گرتووە، ئەمڕۆش شان بەشانی برایانی کورد و کلدو ئاشوورییەکان لە هەمان ڕێبازو ڕێگایە نیشتمانپەروەرییەکەی بەردەوامە و ئاڵای کوردستان بە ئاڵای خاک و گەلی خۆی دەزانێت.
چونکە ئەم ئاڵایە تەعبیر لە تاکە نەتەوەیەک ناکات بەڵکو ئاڵا و هێمای خاک و گەلێکە بە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانیەوە. لە ڕووی یاساییش لە دەستوورو یاساکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەم ئاڵایە ناسراوە، لە جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیشدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.
بۆیە داوا لە گشت گرووپ و لایەنەکان دەکەین زیاتر واقیعیانە ببربکەنەوەو بەرژەوەندی نەتەوەی تورکمان لە پێکەوەژیان و پاراستنی یەکڕیزی نیشتمانی دایە و پێویستە هەوڵەکانمان چڕ بکەینەوە بۆ یەکخستنی هەوڵێست و ریزەکانمان و پارێزگاریکردن لە برایەتی و تەبایی نێوان نەتەوە و پێکهاتە ئاینییەکان لە کوردستان و عێراق.

پارتی گەشەپێدانی تورکمان
پارتی دیموکراتی تورکمانی
کۆمەڵەی لیبرالی تورکمانی
پارتی رزگاری تورکمانی
کۆمەڵەی ڕۆشنبیری تورکمانی
بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی
پارتی گەلی تورکمانی

بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەی دەکەوێتە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

ڕوونکردنەوەیەک لە نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە

ڕۆژی 15/3/2017حەمید بەدرخان، بەناوی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی و مافی ڕۆژنامەنووسان، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە، من لێرەوە، وەک نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕایدەگەیەنم، وەک پێشووتریش لە 21/7/2016لە مالپەڕی فەرمی سەندیکا بڵامانکردووەتەوە، هەر بەیانناممەیە و لێدوانێک لەلایەن حەمید بەدرخانەوە، بەناوی لێژنەی داکۆکی سەندیکا ، بڵاوەدەکرێتەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە سەندیکاوە نییە. ئەو ڕاگەیەندراوەش گوزارشت لە بیروڕای کەسی و حزبی خۆی دەکات، هاوکات هەر ڕاگەیەندراوێک بەبێ زانیاری و ئاگاداری نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا و ئەندامانی لێژنەی داکۆکی، دەرچوونە لە ڕێنمایی و ڕێساکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و بنەماکانی کاری سەندیکایی.

نازاد حەمەدەمین
نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
16/3/2017

بەردەوامی ئەجێندا مەترسیدارەکەی چەند لایەنێکی هەرێمی دژی سەربەخۆیی کوردستان

نایف ڕەشۆ

هەندێ لایەنی هەرێمیی بە هاوکاری چەند کەس و لابانێکی سیاسیی نابەرپرسیار، ئێستاکە لە بەرگێکی دیکەدا هەوڵدەدەن کێشە بۆ باشووری کوردستان دروستبکەن و بە مەبەستی کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لە بەردەم پڕۆژەی سەربەخویی کوردستاندا و جارێکی تر دەیانەوێت باشووری کوردستان بەرەو ڕووشێکی سیاسی و ئەمنی نائارام و ناسەقامگیر ببەن، ئەمەش ڕێک هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی هاتنی شەڕی داعش و دووركەوتنەوەی مەترسی و هەڕەشەکانی لەسەر باشووری کوردستان، بەو مانایەی کە ئەمە بەردەوامی پێدانی ئەو نەخشە سیاسییە دوژمنکارانەیە کە مالیکی و تاران و هاوپەیمانەکانیان لەناوخۆی باشووری کوردستاندا جێبەجێی دەکەن و ئێستاش بە پلەی یەکەم دەقەری شنگالیان کردووەتە ئامانج، دەقەرێک کە ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمکارییەکی یەکجار زۆر بووەتەوە بە تایبەت لەم دوو ساڵەی پەلامارەکانی داعش بۆسەر باشووری کوردستان، ئەم دەقەرە پشکی شێری زوڵم و ستەمکاری بەرکەوت.
سیاسەتی چەوتی پەکەکە بووەتە هۆی سەرئێشەیەکی گەورە بۆ باشووری کوردستان بە گشتی و دەقەری شنگال بە تایبەتی، لە جیاتی ئەوەی ببنە هۆی ساردکردنەوەی زام و برینەکانی دانیشتوانی ئەم دەقەرە، کەچی دەیانەوێت برینەکانی خەڵکی ستەمدیدەی ئەم ناوچەیە قوڵتر بکەنەوە و هەروەکچۆن داعش بەکارهێنرا بۆ لێدانی پرۆژەی سەربەخۆیی، پەکەکەش بە فەرمانی مالیکی و حەشدی شەعبی و ئاغاکانیان، بە هەمان شێوە هەوڵدەدات ئاو بکاتە ئاشی دوژمنان و نەیارانی کوردستان لە دژی ئەزموونی باشووری کوردستان کە لە هەنگاونان دایە بەرەو سەربەخۆیی.
پەکەکە ئەمڕۆکە بووەتە بەشێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی زۆر مەترسیدار، ئەجێندایەکی سیاسی ئەوتۆ کە تەعبیر لە قۆناغێکی ستراتیژیک دەکات بۆ بەرژەوەندی دوژمنانی کوردستان کە بریتییە لە زالکردنی هەیمەنەی دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستان و لاوازکردنی پێگە و سەنگی کورد لەم بەشەی باشووردا و بە تایبەت لاوازکردنی پێگەی پارتی و بارزانی لە دەقەرێکی هەرە گرنگی ستراتیژی وەک دەقەری شنگال.
ئامانجی ئەم لایەنە هەرێمیانە هاوشانی پەکەکە و هاوبیرەکانی لە پەرژشی و دڵسوزییان نییە بۆ ئەم ناوچەیە، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان لوتکەی چل میترایە لە جیای شنگال کە هەفتاو دوو مەتر بەرزاییەکەیەتی و بە زاڵبوون بەسەر ئەم لوتکەیەدا هەیمەنەیان بەسەر دەقەرەکە و عومقی سونتی زاڵ دەبێت، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوەش ئەم ئەجێندا سیاسییە هەرێمییە بە ئاسانی دەتوانێت لەڕووی لۆجستیی و سەربازییەوە هاوکاری هاوپەیمانەکانی خۆی بکات لە ڕۆژئاوای کوردستان و دیهەشق و حزبوڵای لوبنانی و هەر بە هۆی ئەم لوتکە گرنگەوە هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتی ئیسرائیل بکات، چونکە کاتی خۆیش لە کۆتایی هەشتاکان لەسەر ئەم لوتکەیە، سەدامی گۆرپەگۆڕ، موشەکی ئاراستەی تەلئەبیب دەکرد، بۆیە ئەوەی پەکەکە دەیکات یاریکردنە بە ئاگرێکی زۆر گەورە و مەترسیدار و مەبەستییەتی باشووری کوردستان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات، ئەگینا شوێنی ئەم ناوچەیە، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان لوتکەی چل میترایە لە جیای شنگال کە هەفتاو دوو مەتر بەرزاییەکەیەتی و بە زاڵبوون بەسەر ئەم لوتکەیەدا هەیمەنەیان بەسەر دەقەرەکە و عومقی سونتی زاڵ دەبێت، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوەش ئەم ئەجێندا سیاسییە هەرێمییە بە ئاسانی دەتوانێت لەڕووی لۆجستیی و سەربازییەوە هاوکاری هاوپەیمانەکانی خۆی بکات لە ڕۆژئاوای کوردستان و دیهەشق و حزبوڵای لوبنانی و هەر بە هۆی ئەم لوتکە گرنگەوە هەڕەشە لە ئاسایشی نیشتمانی دەوڵەتی ئیسرائیل بکات، چونکە کاتی خۆیش لە کۆتایی هەشتاکان لەسەر ئەم لوتکەیە، سەدامی گۆرپەگۆڕ، موشەکی ئاراستەی تەلئەبیب دەکرد، بۆیە ئەوەی پەکەکە دەیکات یاریکردنە بە ئاگرێکی زۆر گەورە و مەترسیدار و مەبەستییەتی باشووری کوردستان بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار ببات، ئەگینا شوێنی خەباتی پەکەکە دیارە و بە بڕوا بەفەرمێت بۆ هیچ نەبێت گوندێکی باکوور لە کوردستان هەر هیچ نەبێت گوندێکی باکوور لە دەست جەندرمەکانی تورک ڕزگار بکات.
پەکەکە ئەوە یەکەمجاری نییە کێشە دەنێتەوە بۆ باشووری کوردستان، لە سەرەتای نەوەدەکانیش، شەڕ و گێچەڵی بە باشووری کوردستان فرۆشت. لێرەوە دەگەینە ئەم ئەنجامە کە پەکەکە گرووپێکە دروستبووە بۆ لێدانی مەسەلەی کورد، دوژمنانی کورد بە کاری دەهێنن لە دژی بەرەو پێشڤەچوونەکانی مەسەلەی نەتەوەیی کورد و ڕووداوەکانی ئەمجارەی دەقەری شنگالیش، ئەوەمان پێدەڵێن کە پەکەکە و هاوبیرەکانی و ئاغاکانیان هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەیە ناوچەی شنگال لە باشووری کوردستان دابڕێنن لە کاتێکدا ئەم دەقەرە کوردی ڕەسەنن و ناوچەیەکی ستراتیژی باشووری کوردستان پێکدەهێنێت و هەم لەڕووی جوگرافی و هەم لە ڕووی نەتەوەییەوە بەشێکە لە خاکی کوردستان.

لە ماڵا ئێزیدیا لە کالکار ساڵیادیی کۆچی دوایی ئەلیکساندەر شتێرینبێرگ کرایەوە

ساسان دەروێش/ ئەڵمانیا

ماڵا ئێزیدیا لە شاری کالکاری ئەڵمانیا بۆ بەرزوپیرۆزڕاگرتنی خەبات و تێکۆشانی لە نێو شۆڕشی کورد و دۆستایەتی و هاوکاریی بۆ کوردستان، کۆڕێکی ڕێزلێنان و یادکردنەوەی ساڵیادی کۆچکردوو ئەلیکساندەر شتێرینبێرگ دۆستی دێرینی گەلی کورد بەڕێوەچوو. لە کۆڕەکەشدا بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی ڕۆشنبیرو سیاسی و حکومی ئەڵمانیاو هاوڕێکانی و کوردانی ئێزیدی و خەلیل سنجاری بەڕێوەبەری ئۆفیسی کوردستان تیڤی لە ئەوروپا ئامادەبوون، سەرەتای کۆڕەکەش لەلایەن ئۆکستڕای میوزیکی ئەڵمانی مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب ژەنرا و دواتریش لەلایەن عوسمان گودن وتاری ماڵا ئێزیدی خوێندرایەوەو تیایدا ئاماژە بە کەسایەتی و دڵسۆزیی ئەم تێکۆشەرە کرا کە وەک پێشمەرگەیەکی کوردستان خەباتێکی دوورودرێژیی لە نێو شۆڕش بردۆتە سەر، پاشان چەندین وتار لەلایەن ئامادەبووان خوێندرایەوەو خەبات و تێکۆشانی کۆچکردوویان بەرز نرخاند و ئاماژەیان بەوە دا کە کۆچکردوو ئەلیکساندەر شتێرینبێرگ خزمەتی زۆری دۆزی ڕەوای گەلی کوردی کردووە و هەروەها بەگشتی هاوخەمی خۆیان دەربڕی بۆ گیانلەدەستدانی. بۆ زیاتر زانیاریش لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم کۆڕە و یادکردنەوەی لەنێو ماڵا ئێزیدیا لەکالکار هونەرمەند بەدیل براهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی هەمان ماڵ بۆ خەبات بەم شێوەیە دواو گوتی: دەکرێ بۆ هەمیشە ئەرک و ماندووبوونی کەسە دڵسۆزەکان لەبەرچاو بگیرێ و کار و کردەوەکانیان بەرزبنرخێنرێ و یادیان بکرێتەوە. بەڕاستی ئەم کەسایەتیەش چەند لێی بڕوانی و وردبیتەوە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانیدا لە نێو کورد بەبارستای گەورەی خۆی خزمەتی کردووەو خۆشی گوتوویەتی "من کورد نەبووم بەڵام بۆ ئازادی کورد ژیاوم و لەدایکبووم" و نزیکی و سەردانیکردنی سەرۆک و باوکی کورد مستەفا بارزانی نەمر و پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلوولیش بەردەوام بووە تا لەم دوایانەش و دامەزراندنی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا وەکو ڕاوێژکار کاری کردووە و لەگەڵ ئەمانەشدا دۆستایەتیەکی نزیک و پەیوەندیەکی تووندوتۆڵی لەگەڵ ئێمەی ئێزیدی هەبووە. بۆیە ئێمەش بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی ئەم یادەی بۆ بکەینەوە، پارسڵیش بەئامادەبوونی کاک دڵشاد بارزانی و کۆمەڵێک کەسایەتی تر لە بەخاک سپاردنی شاندێکمان بەتاجەگوڵینەوە ئامادەبووین و بۆ ئەم یادەش من لەگەڵ ئۆکستڕای میوزیکی ئەڵمانی چەند میوزیکێکی کوردیم بۆ ئامادەکردبوون و زۆر بەباشی ژەنیان، کە مەراسیمێکی پڕشایشتەبوو بۆی و هیوادارم ڕۆحی شادبێت و گۆڕی چراخان بێت.

ئاگاداری

ڕێکخراوی IRD هەڵدەستێ بە ڕاگەیاندنی کەمکردنەوەی نهێنی بۆ دروستکردنی ناوەندی تەندروستی و دابینکردنی مۆلیدە بۆ کەمپی لەیلان 3. کردنەوەی تەندەر لە بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەکەمان دەبێت لە گوندی ئینگلیزی، خانووی ژمارە 288 و 289 لە ڕێککەوتی 2017\3\27، کاتژمێر 2ی پاش نیوەڕۆ. دوا ڕۆژ بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر 2017\3\27، کاتژمێر 12 نیوەڕۆ، بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە و ئیمێڵەوە بکەوە:

Tendering@irdglobal.org
07517789241